٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " شەیتان و جەنگی ڕۆحی " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە بینین ١٢- ١٤ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. یۆحەنا ١٧: ١٥ . ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ١٥. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.

ڕێبەری هەشتەم – وانەی ٤٦

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) بینینی یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (بینین ١٢- ١٤).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ١٧: ١٥

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ یۆحەنا ١٧: ١٥

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك)	یۆحەنا ٢١

پێشەکی : بەشی ٢١ لە ئینجیلی یۆحەنا باسی دەرکەوتنی عیسا دەکات بۆ حەوت لە قوتابیەکانی لەلای دریاچەی جەلیل . وە پەترۆس دەستنیشان دەکاتەوە بۆ نێردراوێتی . دوای ئەوە ، نوسەری ئینجیل کۆتایی بە ئینجیلەکەی دەهێنێ بە شایەتیدانی کۆمەڵێ خەڵکی بەشداربوو لەوەی تایبەتە بە ڕاستودروستی نوسراوەکانی ناو ئینجیلی یۆحەنا و پشتبەستن پێی .

هەنگاوی ١ : بخوێنەوە . وشەکانی خودا
پێکەوە یۆحەنا ٢١: ١- ٢٥ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان

بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ئاشکراکردنی ١: مەبەست لە پەرجوی زۆرکردنی ماسی .

لە یۆحەنا ١٦: ٣٢ عیسا دەفەرموێ " وا کاتێك دێت و ئێستاش هاتووە، کە پەرتەوازە دەبن، هەریەکە بۆ ماڵی خۆی و بە تەنها بەجێم دەهێڵن. بەڵام من بە تەنها نیم، چونکە باوك لەگەڵمدایە."

أ. ئامانج لەم پەرجوە .

یۆحەنا ١٥: ٥ عیسا ویستی جارێکی تر ئەم وانەیە بدات بە قوتابیەکانی و فێریان بکات " چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێك بکەن ." مەبەستی بەهێزکردن باوەڕیان بوو بە عیسای مەسیح و هێزو دەسەڵاتەکەی و خۆشەویستیە بەردەوامەکەی بۆیان !

ئەوەی سەرسامم دەکات ئەوەیە جارێکی تر مەسیح دەست دەخاتە نێو ژیانی تایبەتیمەوەو ئەرکی نوێ و هیوای نوێم دەداتێ بۆ ژیانم (بینین ٣: ٧- ٨ ؛ ٢کۆرنسۆس ٣: ٢- ٣) .

ب. واتای هێمادار بۆ ئەم پەرجوە .

کتێبی پیرۆز هیچ واتایەکی تایبەت نادات بۆ ژمارەی ماسیە ڕاوکراوەکان . بەڵام پێ دەچێ بەپێی دەقەکە ژمارەی ماسیەکان ئاماژە بێت بۆ قوتابیەکان کە لەدواییدا باوەڕداری زۆر ڕاو دەکەن بۆ عیسای مەسیح لە ڕێگەی مزگێنیدان و فێرکردنەکانەوە (مەتا ٤: ١٩؛ ٢٤: ١٤) . هەروەها بینین ٥: ٩- ١٠ ؛ ٧: ٩) . هەروەها بڕوانە (یۆحەنا ١٠: ٣- ١٦) .

ئاشکراکردنی ٢: مەبەست لە زۆرکردنی نان وماسی .

أ. ئامانج لەم پەرجوە .

یۆحەنا توانی لە پێش پەترۆسەوە زووتر تێبگات . یۆحەنا ٦: ١١ .

ب. پەرجوەکان نیشانەبوون .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ٢١: ١- ٢٥ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

یۆحەنا ٢١: ١٥- ١٧

<u>پرسیاری ١ : بۆچی عیسا سێ جار لە پەترۆسی پرسی ئایا خۆشی دەوێ ؟</u>

تێبینیەکان .

أ. ئەوەی لەم بەیانیەدا ڕوویدا و کاتێ پەترۆس نکۆڵی کرد لە عیسای مەسیح هەمووی هەڵگەڕاندەوە .

*لەبەردەم ئاگری ماڵی سەرۆك کاهین پەترۆس نکۆڵی کرد لە عیسای مەسیح (یۆحەنا ١٨: ١٨) ، بەڵام لێرەدا لەبەردەم ئاگر لەلای کەناری دەریاچەکە دان دەنێت بەخۆشەویستی بۆ عیسا . * پێش دە ڕۆژ لەئەم ڕۆژە پەترۆس سێ جار پەترۆس نکۆڵی کرد لە عیسای مەسیح (یۆحەنا ١٨: ١٧ ، ٢٥ ، ٢٧) . بەڵام ئێستا ناچارە دان بنێت بە عیسای مەسیحدا سێ جار و ڕایگەیەنێ کە خوداوەندێتی وخۆشی دەوێ . پێشبینیەکانی مەستح تایبەت بە نکۆڵی پەترۆس بەوە دەستی پێکرد ڕاستی ڕاستیت پێدەڵێم (ئامین ئامین) یۆحەنا ١٣: ٣٨) وە پێشبینی کردنی تایبەت بە مردنی پەترۆس لە ئایندەدا بەهەمان وشە دەستی پێدەکرد (یۆحەنا ٢١: ١٨) . * یۆحەنا ١٣: ٣٦- ٣٨ ؛ یۆحەنا ٢١: ١٥- ١٩ .

بەقوتابی بوونی ڕاستەقینە بۆ شوێنکەوتنی عیسای مەسیح بەهێزی جەستە ڕووناداتیان بە خواستی مرۆڤ و هەوڵی مرۆڤ ، ظونکە بەقوتابی بوونی ڕاستەقینە بە دڵنیابوون لەسەرەتادا لەوەی یەکەم خۆشەویستت عیسای مەسیحە بینین ٢: ٤ ؛ لۆقا ٩: ٢٣ ؛ ١٤: ٢٥- ٣٠ .

ب. شانازیەکەی پەترۆس گۆڕا بۆ ساکاری .

مەتا ٢٦: ٣٣ ؛ مەرقۆس ١٢: ٣٠- ٣١ .

ج. گەڕاندنەوەی پەترۆس بۆ ئەرکی نێردراوێتی .

عیسای مەسیح سێ جار لە پەترۆسی دووبارە کردەوە " بەرخەکانم بلەوەڕێنە " ببە بە شوانی مەڕەکانم " " مەڕەکانم بلەوەڕێنە " . دواتر

پەترۆس بە ساکاری مایەوەو بەردەوام بوو لەوەی کە عیسای مەسیح سەرۆکی شوانەکانە (١پەترۆس ٥: ٤ ؛ یۆحەنا ١٠: ١١- ١٦ ، وە شوانی دەرونەکانە (١پەترۆس ٢: ٢٥) چونکە پیرەکانی کڵێسا لە ژێر ڕابەرایەتی سەرۆکی شوانەکانە (١پەترۆس ٥: ١- ٤ بڕوانە حەزقێیل ٣٤: ١- ٢٤) .

یۆحەنا ٢١: ١٨- ١٩

پرسیاری ٢: عیسا چی ووت لەبارەی ئایندەی پەترۆس ؟

تێبینیەکان .

أ . عیسا پێشبینی کرد لەبارەی مردنی پەترۆس .

عیسا باسی گەنجێتی پەترۆسی کرد .، ئێستا گەنجەو بۆ کوێی بوێ دەڕوات و پشتێنەکەی بەناو قەدیەوە دەبەستێ . دیارە پەترۆس لە ساڵی ٣٠ زایینی بەتەمەن تر بوو لە یۆحەنا بەڵام گەنج بوو یان کەمێك ئاستی گەنجێتی تێپەڕاندبوو ، ڕەنگە پەترۆس لە نیوەی تەمەنیدا بووبێت ئەو کات . دواتر عیسا باسی پیریەتی پەترۆس دەکات ، ئەو کات دەستی دەگیرێ و بۆ شوێنێك دەبرێ کە نایەوێ . ئەو کاتەی ئینجیلی یۆحەنا نوسراوە لە ماوەی ساڵانی ٧٠ بۆ ٩٨ ی زایینی پەترۆس مردووە لە ساڵی ٦٤ زایینی بەشێوەیەك لەخاچدرا سەرەوخوار واتە سەری لە خوارەوە بوو .

ب. عیسا پەترۆسی فێرکرد کە لەهەموو بارودۆخەکاندا شوێنی بکەوێت .

وەکاتێ عیسا ئەم پێشبینیەی تەواو کرد بە پەترۆسی فەرموو "دوام کەوە" هەرچی ڕوودەدات لە ئایندەدا ، دەبێت پەترۆس ئێستا قوتابی مەسیح و نێردراوی عیسای مەسیح بێت و دوای بکەوێ لە خزمەتەکەیدا و ئازارەکەی و دواتر بە مردنیشی .

یۆحەنا ٢١: ١٩- ٢٣

پرسیاری ٣: عیسا چی ووت سەبارەت بە ئایندەی یۆحەنای نێردراو ؟

تێبینیەکان .

أ. یۆحەنا ٢١: ٢٢ . ئەو کاتەی یۆحەنا ئەم وشانەی نوسی لەماوەی ساڵەکانی ٧٠- ٩٨ ز . هەندێ لە باوەڕداران پێیان وابوو یۆحەنا بە زیندوویی دەمێنێتەوە تا هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .

ب. عیسا پەترۆسی فێرکرد خۆی سەرقاڵ نەکات بە پلانە نهێنیەکانی خوداوە . گەر بمەوێ دەمێنێتەوە تا دەگەڕێمەوە "بەتۆچی" خوداوەند پلانی هەبوو بۆ یۆحەنا ، بۆیە پێویست نەبوو پەترۆس بیزانێ ، ڕەنگە یۆحەنا ئازار بچێژێ و گیان بەخت بکات ، یان بە زیندوویی بمێنێتەوە تا هاتنەوەی دووەمی مەسیح ، عیسای مەسیح ئایندەی یۆحەنای ڕانەگەیاند بۆ کەس ، بۆیە نە پەترۆس و نە یۆحەنا نەیاندەزانی چی ڕوودەدات لە یۆحەنا . (دواوتار ٢٩: ٢٩) .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. پەیڕەوکردن

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە یۆحەنا ٢١: ١- ٢٥.

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینواوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا ٢١ .

٢١: 3 : پەترۆس گەڕایەوە بۆ کارەکەی پێشووی : بۆ ڕاوە ماسی . کاتێ نازانی چی دەبێت بکەیت . دواییین ڕاسپاردەی ڕوونی خوداوەند عیسای مەسیح جێبەجێ بکە . یەکێکیان ووتی " گومان مەکە لە تاریکیدا لەوەی عیسا پێی ووتی لە ڕوناکیدا " !

٢١: ٤ : دەزانم کە عیسای مەسیح ڕەنگە بێت بۆ لات ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە نەزانی ئەوە دەستبەجێ .

٢١: ٦: ئەگەر متمانەت بە خوداوەند عیسای مەسیح هەبێت باوەڕت پێی هەبێت ئەو کارانە بکە کە داوات لێدەکات وە هەرگیز توشی ڕوخان نابیت کاتێ گوێڕایەڵی دەبیت .

٢١: ١٢ : مەترسە هەرگیز لە پرسیار کردن لە خوداوەند عیسای مەسیح "تۆ کێ یت" چونکە وەڵامت دەستناکەوێت تا پرسیار نەکەیت (مەتا ٧: ٧- ٨) .

٢١: ١٤ : کتێبی پیرۆز هەموو ئەو ئەرکانەمان بۆ باس دەکات کە عیسای مەسیحی تێدا دەرکەوتوە بۆ خەڵکی لە دوای هەستانەوەی لە مردن . هیچ سەرکردەیەکی ئایینی تر نەمردوە بۆ کەفارەتی گوناهەی گەلەکەی ، وە هیچ ئاینێك بەڵگەی مێژوویی لە خۆناگرێت لەبارەی هەستانەوەی دوای مردن !

٢١: ١٥- ١٦ : چۆن وەڵامی پرسیارەکەی عیسا دەدەیتەوە : ئایا بەڕاستی منت خۆش دەوێ ؟"

٢١: ١٥- ١٧ : یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکان لە شانشینی خودا چاودێری کردن و لەوەڕاندنی مەڕەکانە .

٢١: ١٨: کاتێ خەڵکی دەتبەن بۆ ئەو شوێنەی ناتەوێ بڕۆی ، ئەوا عیسای مەسیح لەگەڵتدایە (مەتا ٢٨: ٢٠) .

٢١: ١٩ : كاروئەركى هەموو باوەڕدارنە شوێن عيساى مەسيح بكەون.

٢١: ٢٢ : دەبێت باوەڕداران خۆيان سەرقاڵ نەكەن بە خواستێكى ڕانەگەيەنراوى خوداوە ، دەبێت جەخت بكەنەوە لەسەر خواستى ڕاگەيەنراوى .

٢. نمونە لەسەر پەيڕەوكردنى كەسێتى :

أ. دەمەوێ ئەو وانەيە فێر بم كە پەترۆس فێرى بوو . پەترۆس شانازى كرد لەپێشدا بەوەى خۆشەويستى بێ سنورو قوربانى هەيە و خۆى تەرخان كردوە بۆ خوداوەند عيساى مەسيح بەڵام نكۆڵى لێكرد . پەترۆس دوايى واى لێهات ساكار بوو ، چيتر ئەو لێدوانانەى نەدا سەبارەى بە شانازى كردنى بەخۆى . واى لێهات بەهەموو ڕاستگۆييەك وسۆزداريەكەوە قسە بكات لەگەڵ عيساى مەسيح . منيش هەروەها دەمەوێ گوزارش لەناخم بكەم تەنها ئەوەى كە ڕاستە .

ب. دەمەوێ وانەى دوەم فێر بم لەوەى پەترۆس فێرى بوو . پەترۆس ويستى پلانى نەێنى خوداوەند بزانێ كە هێشتا ڕانەگەيەنراو بوو بۆ ئايندەى يۆحەنا . بەڵام عيسا پێى فەرموو نابێت سەرقاڵ بێت بەو جۆرە كاروبارانەوە ، بەڵكو سەرقاڵ بێت بەو ئەركەوە كە پێى سپێردراوە . منيش دەمەوێ هەموو گرنگيەك بدەم بە خواستى خودا كە ڕاگەيەنراوە لە كتێبى پيرۆزدا ! دواى ئەوە خۆم تەرخان دەكەم بەهەموو تواناو كاتمەوە بۆ شوێنكەوتنى عيساى مەسيح !

هەنگاوى ٥: نوێژ بكە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەكەين ، هەريەكێك سەبارەت بە يەك ڕاستى كە خودا فێرى كردين لە ڕێگەى ئايەتەكانيەوە لە يۆحەنا ٢١: ١- ٢٥ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەكەتدا بۆ ئەو شتەى فێرى بوويت لە وانەى ئەم كتێبەدا). پرۆقە بكەن لەسەر نوێژى كورت كە پێكهاتبێ لە ڕستەيەك يان دوان . لە يادت بێت ئەندامانى هەر كۆمەڵيەك دەكرێ نوێژ بكەن سەبارەت بە كاروبارى جياواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ٢١ .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە بینین ١٥- ١٨ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : یۆحەنا ١٨: ٣٦ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و